# كۆمەڵگا و تووشبوون بە نەخۆشیە زایەندیەكان

فەرهەنگ جلال / سلێمانی
Farhang_jalal@hotmail.com

لە سەرەتای بوونی مرۆڤایەتیەوە تاكو ئێستا مرۆڤ بە چەند قۆناغێكی جیاواز و جۆراو جۆردا تێپەڕیوە , هەر قۆناغە و بە پێی كات وشوێنی خۆی چەند تایبەتمەندییەكی جیاوازی خۆی هەبووە , وە هیچ كام لەم قۆناغانەش بە كەم و كورتی و ئەزموونی ناخۆش كۆتایی‌پێ نەهاتووە ... جا پرۆسەی هاوسەرگیری خێزان یەكێكە لە ئەركە گرنگەكانی سەرجەم كۆمەڵگا لەم ڕوانگەیەشەوە خێزان وەك یەكەی پێكهێنەری , كۆمەڵێك ڕۆڵی تایبەتمەندی خۆی دەبینێت ... گومان لەوەدا نییە هەر خێزانێ پەرتەوازە و بێ شیرازە بێت ئەوا هیچ ڕێزێك دانانێت بۆ پرۆسەی هاوسەرگیری ... وە لە ئەنجامدا تووشی دەیەها نەخۆشی ترسناكی كوشندەدەبێت وەك ئایدز و سیلان و زوهری , تاد ............

كە چارەسەركردنیان لە دنیای ئەمڕۆی پڕ تەكنەلۆژیادا زۆر ستەم و زەحمەتە , زۆر هۆكار هەن كە دەبنە هۆی نەخۆشیە ترسناك و زایەندیەكان یەكێك لەو هۆكارانە ڕێز نەگرتنە لە بنەماكانی خێزان و ئەو سنوور و یاسایانەی كە بۆ كاری سێكسی دانراوە , كە لە ئەنجامی ئەم كارو كردەوە بێ سنووریانە , نەخۆشیە زایەندەكان ڕۆژ بە ڕۆژ بیر و هۆشی زانایان و پسپۆڕانی ئەم بوارەی سەرقاڵتر كردووە , هەروەك ( جیمس ریستون ) لە ڕۆژنامەی نیۆرك تایمز بلاّوی كردەوە ( مەترسی ووزەی كرداری سێكسی لە كۆتایدا لە مەترسی ووزەی ئەتۆم گەورەتر دەبێت ) ( ریستون ) مەبەستی كرداری سێكسی بێ سنوورە , كە بەردەوام لە زیاد بووندایە و هەڕەشە لە هەموو خێزانێكی ئەم جیهانە دەكات كە ئەو نەخۆشیە سامناكەش ئایدزە , ئەم ڤایرۆسە بە ترسناكترین نەخۆشی دادەنرێت لە جیهاندا و كە خاسیەتی ئەم ڤایرۆسە سەرجەم خانەكانی لەشی مرۆڤ داگیر دەكات و هێزی بەرگری كردنی لەشی مرۆڤ وا لێدەكات كە توانای بەرگری كردنی نەمێنێ .

ئەم ڤایرۆسە بە مانا پزیشكییەكەی پێی دەڵێن ( hiv ) سەرەتای ئەم ڤایرۆسە كوشندەیە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ( 1981 ) كە لە لای زۆربەی ووڵاتانی ڕۆژئاواو ڕۆژهەلاّت بە ( ئەژدیهای سەدەی بیستەم ) ناوی دەبەن ... مێژوو نووسی بە ناوبانگ ( ئارنۆڵد توینبی ) پێمان ڕادەگەیەنێت پەرەسەندنی نەخۆشیە زایەندەكان لە وانەیە ببێتە هۆی داڕووخانی شارستانێتیەكان وە باشترین خۆپاراستن لەم ڤایرۆسە لە كۆمەڵێك خاڵدا كۆ دەبێتەوە . كە دەبێتە هۆی ڕۆڵی ونبوونی خێزان .

كە بە كوورتی هەندێ لەسەر خاڵەكان دەخەمە بەردەستی خوێنەرانی ئازیز كە چەند ئاماژەیەكی كەمە بۆ تووش نەبوونی مرۆڤ لەم ڤایرۆسە ,

1. دووركەوتنەوە لە ئافرەتی سوزانی .
2. دروست كردنی ژیانی هاوسەری .
3. پابەند بوون و ڕێزگرتن لە كرداری جووتبوونی ژن و مێردایەتی .

ئومێدەوارم كوڕان و كچانی شارە خۆشەویستەكەم بۆ ئەوەی گیرۆدەی ئەم ڤایرۆسە كوشندەیە نەبن پابەندی ڕەوشت و بەهاكانی كوردەواری بن و وە دووربن لەو ڕەوشتانەی كە نامۆیە بە بەها جوانەكانی میللەتەكەمان وە دروست كردن و پێكهێنانی ژیانی هاوسەری هۆكارێكی سەرەكییە بۆ خۆپاراستن لەو جۆرە نەخۆشیە زایەندییانە ( برتراند راسل ) زانای بەریتانیە و دەڵێ :– ( زۆر لە خێزانە كۆمەڵگا ڕۆژئاواییەكان تیاچوون , تیا چوون نەك لەبەر ئەوەی زانست و پێشكەوتن نەبێت , بەڵكو تیاچوون لە بیر و بڕوا و هەستی ڕۆحی خۆیان و كۆمەڵگایان ) .